پڕۆژەی سەد نامیلکەی فکری و ڕەخنەیی ٣

ڕزگار عەلی

ناسیونالیزم و بوونی کورد

24009

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

رێگە پڕۆژەیەکی فکری و ڕەخنەییە، بەهاوبەشی
لەگەڵ دەزگای ڕۆسا، سەد نامیلکە بڵاو دەکاتەوە





- ناوی کتێب: ناسیونالیزم و بوونی کورد
- نووسەر: ڕزگار عەلی
- هەڵەبڕ: زەهرا مەدەنی
- دیزاینی ناوەوە: دەزگای ڕۆسا
- بەرگ: دەزگای ڕۆسا
- چاپ: یەکەم 2020
- چاپخانە:
- نرخ: 2000
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (246)ی ساڵی (2021)ی پێدراوە.
- هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆسا
لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە (103)

ناونیشان
هەولێر- شەقامی هەولێر – کەرکوک – بەرانبەر ئوتێل
چوارچرا و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر

Nobile: 07507121181
E-mail: dazgairosa@gmail.com
www.facebook.com\DazgaiRosa

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناسیونالیزم و بوونی کورد

(کتێبی یەکەم)

ڕزگار عەلی

هەولێر 2021

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بەشی یەکەم:
دۆخی سروشتی نەتەوە

باوەڕم وایە بۆ تێگەیشتن لە هەر بابەتێك بێ گەڕانەوە بۆ نەسڵ و میژووی بابەتەکە کارێکی ناومکینە، تەنانەت یەکێك لە بیریارەکان ناماژە دەکات کە: میژوو نێستایە، وەلێ تەنیا شتێك لە نێستای جیا بکەیتەوە نەوەیە کە نێستا دەتوانرێت دەستکاری بکرێت وەلێ هەرچی میژووە ناتوانرێت. بەهەرحاڵ نێمەش نەوەی مەبەستمانە لەم کارەدا بچینە نەسڵ و میژووی بابەتەکە، دەبێت بزانین دۆخی سروشتی نەتەوە چییە؟ نەتەوەکان چۆن پەیدابوون؟ سەرهتای نەتەوەکان چۆن بوون؟ بۆ گەڕانەوەمان بۆ تێگەیشتن لە فکری نەتەوە، دەبێت پرسیار و تێگەیشتنمان لەمەڕ دۆخی سروشتی نەتەوە هەبێت، ئایا نەتەوە قۆناغبەندی میژووی نینسانە؟

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بۆ تێگەیشتن لەم پرسیارانە و تێگەیشتن لە دۆخی سرووشتی نەتەوە، ئێمە دەگەڕێینەوە لای ژان ژاك ڕۆسۆ، ڕۆسۆ یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی لە دۆخی سرووشتی دواوە، تەنانەت ڕۆسۆ بە باوکی ڕۆحی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دادەنرێت، کە دواتر ئەم پەیمانە نەتەوە و دەوڵەتی لێ پێکهات. بۆ ئەمەش دەگەڕێینەوە لای کارە سەرەتاییەکانی ڕۆسۆ، تایبەت ئەو کارەی کە سەرەدەمەکەی خۆی و هەموو لایەکی ڕاچڵەکاند، ئەویش (وتارێك لەمەڕ بنچینە و بناغەکانی نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا) .(1)

بێ تێگەیشتن لەم کارەی ڕۆسۆ تێگەیشتن لە (دۆخی سرووشتی) مەحاڵە، هەرچەند بە قوڵبوونەوە لەم کارە زەحمەتێکی یەکجار گەورەت لە تێگەیشتن تووش دەبێت. سەرەتای کارەکە و ناونیشانەکە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە ڕۆسۆ دەیەوێت لە (نایەکسانی مرۆڤەکان)بگات، نەك لە یەکسانبوونیان، واتە نەسڵی نایەکسانبوونی مرۆڤەکان لە وتارەکەیدا دەکاتە سەرەشقی خۆی. ڕۆسۆ لەم وتارەدا نەگەڕێتەوە ناو ڕەخنەگرتن لە لقەکانی

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

مەعریفەی مرۆییدا و ناماژە دەکات نەوەی دەبێت لە هەمووی بەسودتر بێت و نەوەی تا ئێستا کەمتر بیری لێ کراوەتەوە لەناو لقەکانی فەلسەفەدا نەوەیە کە پێوەندی بە (ناسینی خۆوە) هەیە، تەنانەت پرۆسۆ ناماژە بە (پەرەستگای دێلفی) دەکات و پێی وایە نەو یاسایەی کە لەسەر پەرستگاکە هەیە (خۆت بناسە، لە هیچ شتێك زێدەڕۆیی مەکە، سنوور مەبەزێنە) لە کتێبە قەبەکانی فەیلەسووفانی ناکار گرنگتر و سەختترە. بەمەش لەوێوە بەرەو پرسیارگەلێك دەڕوات: چۆن دەکرێت سەرچاوەی نایەکسانی لەنێو مرۆڤەکاندا بناسین، گەر سەرەتا لە ناسینی خۆوە دەست پێنەکەین؟ مرۆڤ چۆن بتوانێت خۆی وەکو نەوەی سرووشت شێوەی پێداوە ببینێت؟ لە کاتێکدا بۆ نەمە دەبێت کات و شتە یەکلەدواییەکەکان ببڕێت، کە نەم هەموو گۆڕانەیان لە شێوەگرتنی بنچینەیی نەودا دروستکردووە؟ چۆن بتوانێت نەوەی لە سەرچاوەکەی ناوخۆی وەری دەگرێت لەوە جیا بکاتەوە کە بارودۆخە ژینگەییەکان و پێشکەوتنەکانی خۆی خستویانەتە سەر دۆخە

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پرنسیپی ناسیونالیزم بەمانای هاوبەشی کەلتووریيە، هاوبەشی کەلتووریش بەوە دروست دەبێت کە هەموو ئیتنیکە جیاوازەکانی نێو جوگرافیایەک بە ئارەزووی خۆیان واز لە ئیتنیکەکەی و کەلتوورەکەی خۆیان دەهێنن و ڕێک دەکەون بۆ ئەوەی کەلتووریێکی زاڵی هاوبەش بۆ هەموویان دروست بکەن، واتە یەک کەلتوور یەک ولّات و دەوڵەت ببێتە بنەمایەک بۆ هەموو تاکەکانی ئەو جوگرافیایە، گیلنەر لە کتێبەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێرنست ڕێنان کە: نەتەوەیەکی مۆدێرن کە دەتوانێت ئارەزووی بوونی ولّاتێك بۆ خۆی بکات بنەمای (لەبیرکردن) پێناسەکەی دەبێت. ئەمەش واتە کاتێك جوگرافیایەک کە نەتەوە و ئیتنیکی و زمان و بەرژەوەندی و ئایین و کەلتووری جیاواز لەخۆ دەگرێت دەبێت توانای (لەبیرکردنی) ئەم جیاوازیانەی خۆیانیان هەبێت.

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library